دیدارێکی نوێی نێوان ترەمپ و زێلینسکی بۆ تاوتوێکردنی پلانی ئاشتی 20 خاڵیدا



ڤۆلۆدیمیر زێلینسکی، سەرۆکی ئۆکرانیا ڕایگەیاند، پێدەچێت ڕۆژی یەکشەممە لە فلۆریدا لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا کۆببێتەوە، لە هەوڵێکدا بۆ ڕێککەوتنی کۆتایی لەسەر پلانێکی ئاشتی ئەمریکی بۆ ڕاگرتنی جەنگی نێوان ڕوسیا و ئۆکرانیا کە لە سەرەتای ساڵی 2022ـەوە بەردەوامە و بەدیاری کراوی دو بەربەرسی سەرەکی تاوتوێ دەکەن.

ڤۆلۆدیمیر زێلینسکی، لە پلاتفۆرمەکانی خۆیەوە کۆبوونەوەکەی ئاشکرا کرد و جەختیکردەوە کە ئۆکرانیا بە جیدی کار دەکات بۆ بەردەوامبون لە گفتوگۆکانی ئاشتی و"زۆر شت دەکرێت پێش هاتنی سەری ساڵ یەکلا بکرێتەوە".

لە لەدوانێکی دواتردا بۆ ڕۆژنامەنوسان، زێلینسکی ئاماژەی بە "کارنامەیەکی بەرفراوان" کرد بە کۆبوونەوەکەی لەگەڵ ترەمپ لە هاوینەهەواری "مارالاگۆ"، و ڕونیکردەوە کە بابەتەکانی گفتوگۆکردن گرنگترین دو خاڵی ناکۆکی نێوان واشنتن و کیێف لە دانوستانەکانی ئاشتیدا دەگرێتەوە.

بەوتەی زێلینسکی، دو بەربەستەکەی بەردەم ڕێککەوتنی ئاشتی بریتین لە چارەنوسی ناوچەی دۆنباس لە ڕۆژهەڵاتی ئۆکرانیا، و وەستگەی وزەی ئەتۆمی زاپۆریژیا کە ڕوسیا کۆنترۆڵیکردوە.

زلېنسکی ئېم هېفتېیې پلانېکی هېموارکراوی 20 خاڼی بې کېتاییهېنان بې جېنګ ئاشکرا کرد، کې بې هاوکاری ویلایېتې یېکګرتوېکان پېرېیپېدراوې، و کېمېېک پرسی بېرفراوان دېګرېتې وې کاتېکدا ترېمپ پېشتر ېایګېیاندبو کې لېګېې زلېنسکی کېنابېتې وې تېنها کاتېک نېبېت کې هېردو لایېن لې ګېیشتن بې ېېککېوتنی ئاشتی نزیک ببنې وې.